# ڕاستیی کەفارەتی
# مەسیح

# ڕاستیی کەفارەتی مەسیح

## کەفارەتی مەسیح

ئەو دۆزەی لێی دەکۆڵینەوە دۆزی کەفارە تمەندی مەسیحە . زۆر کەس هەن لە باوەڕی مەسیحی تێناکەن و لە بەردەمیدا سا تمە دەکەن بە هۆی پرسی کەفارە تمەندییەکەوە ، وابزانم پرسەکە ئە مجارەیان لە جارەکانی پێشوگرێدارترە لە بەردەم بیرکردنەوەی مرۆڤانەوە ، چونکە خودا تەنها هەر بە جەستە نەبوو بەڵکو لەگەڵ بە جەستەبوونیشدا لە خاچ درا و مرد و نێژرا ! ! ئەوە چۆن دەبێت ؟ بەڵام ئێمە بۆ ئەوەی لە هزری پەرتووکی بگەین تایبەت بەم پرسە پێویستە لەسەرمان لە سەرەتای دۆزەکەوە دەست پێ بکەین و با بپرسین . . .

## گوناهە چییە ؟

وەرە لەگەڵم لەم گەشتە خێرایەدا تا بزانین گوناهە چییە ؟

ئایا دەتوانی بەدوای ڕووبارێك لە فرمێسكدا بچی کە بە درێژایی چاخەکان لە چاوان ڕژاون بە هۆی مردنی نزیکان و خۆشەویستانەوە ؟ یان دەتوانی تەماشایەکی گۆڕستان بکەیت لە هەموو کات و شوێنێکدا ، تا ببینی چەند جگر سوتان و چەند دڵان شکان لەوێدا ؟ ئێستا مردن و ڕەنگە ڕەشەکەی بە جێ بهێڵە و بیر لە جەنگەکان و ڕەنگە سوورەکەی بکەرەوە . کوژراوەکان و تێکچووەکان و کەم ئەندام و دیل و بریندارەکان بێنە بیری خۆت . بیر لەو ماڵ وێرانی و کاولکاریە بکەرەوە کە بەسەر هەموو ئەو شتانەدا هاتوون کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ژیانیان تێدا بووە !

گەشتێکی خێرا بکە بەسەر ئەو قەرەوێڵە و جێ و بانە سپییانەی نەخۆشخانەکان و ڕوو بکە نەخۆشەکان . تەماشای دەموچاوە بزڕکاوەکانیان بکە و ئەو مردنەی کە بە جەستەیاندا ئەچۆڕێتەوە بە هێواشی . گوێ لە ناڵە و هاوار و نووزەی ئەوانە بگرە کە ڕاکشاون ! ئەمانە هەمووی بەری گوناهێکی تاڵن ! سەردانی زیندانەکان بکە و ڕووبەڕووی زیندانیەکان ببەوە . گوێ بگرە لەوەی چییان بە کۆمەڵگە کردووە و ئەوەی کۆمەڵگەش پێی کردوون ! ئەی لەبارەی مەیخانە و سەماگە و شوێنەکانی ڕابواردن و یانەکانی قومار چی هەیە ، بەڵکو ئەی چی لەبارەی ماڵەکانی ئەوانەی سەردان ئەو شوێنانە دەکەن ماڵی تێکشکاو و ئەو ئافرەتانەی نێویشیان کەساس و کلۆڵ و منداڵەکان مات و مەلول و بێنەوا و مێردەکان و باوکان تێکشکاو . ئای هەژار و بەدبەخت و ئازارچەشتوو چەند زۆرن لەسەر زەوی ، بەڵکو گوناهە چ ڕۆڵێك دەبینێ و ئە نجامەکانیشی چین ! بەڵام تۆ دوای ئەم هەمووە زانیت گوناهە چییە ؟ نەخێر ، تۆ جگە لە ڕواڵەتەکەی دەرەوەی هیچ ترت نەبینی ، تۆ هەندێ لە نیشانەکانی نەخۆشییەکەت بینی نەك خودی نەخۆشییەکە . ئایا دەتوانی بچیتە نێو دڵەکانەوە تا ببینی گوناهە چۆن بۆگەنی کردوون و بەتەواوی ڕزاندوونی . بەڵێ ، نەخۆشییەکە بە دڵدا ڕۆچووە و کاریگەرییەکەشی لە پێست قووڵترە .

بەڵام هەتا ئەگەر چووشیتە نێو دڵەکان تا ببینی گوناهە چی بە ئادەمیزاد کردووە ، ئەوە بەشی هەرە گرنگی پرسەکە نییە .
خۆی گوناهە پێش هەموو شتێك ڕووداوێکە دژی بایەخ و باوەڕپێهێنانێکی شکۆمەندی خودا ، گوناهە سووکایەتییە بە شکۆمەندی خودا .
پێناسەی گوناهە واتە نە پێکانی نیشانە و ئامانج . ئەو ئامانج و نیشانەیەش کە لەئێمەدا داواکرابوو بپێکین لێمان نەدا و نەمانپێکا ، ئەویش شکۆمەندی خودایە . خودا مرۆڤی دروست کرد بۆ شکۆمەندی خۆی ( ئیشایا ٤٣ : ٧ ) . پێویست بوو لەسەر ئێمە کە خودامان ناسی شکۆمەندی ڕاگرین ( ڕۆما ١ : ٢١ ) . بەڵام ئەمە ڕوویندا " هەموو هەڵەیان کرد لە شکۆمەندی خودا بێبەش بوون " ( ڕۆما ٣ : ٢٣ ) .
تۆ ئەگەر بەو چاوە تەماشای گوناهە بکەیت ناتوانیت لە کەفارەتمەندی تێبگەیت . پێویستە پێش ئەوەی بەدوای چارەسەری کێشەکەدا بگەڕێی ، یەکە مجار ڕاستی کێشەکە بزانیت ، گوناهە دژی شکۆمەندی خودایە هەروەك داودی پێغەمبەر بە پەروەردگاری فەرموو " تەنها لە دژی تۆ هەڵەم کردو لە پێش چاوەکانتا خراپەم کرد " ( زەبوری ٥١ : ٤ ) .
ئای چەند دژوارە لەبەرچاوی خودا گوناهە بکەیت ، ئەوەی چاوەکانی لەوە بێگەردترن کە تەماشای خراپە بکەن و ناشتوانێ تەماشای ستەم بکات ( خەبەقوق ١ : ١٣ ) .
بەڵێ ، گوناهە دزێوە و قێزەوەنە قێزەوەن . قێزەوەنە بەوەی لەگەڵی کردووین و لەئێمەی کردووە . بەڵام زۆر دزێوە بە ئەندازەیەك بە ئاستێك کە لە چاوانی خودا و ڕووناکی پارسایی پێوانە ناکرێ . ئەوە بەرەو خاڵێکی ترمان دەبا کە مەبەستمە .

## واتای کەفارەتمەندی

ووشەکە لەڕووی زمانەوە مانای شاردنەوەیە . دەڵێین شتێکی پۆشی واتا شاردیەوە و سەرپۆشی کرد داپۆشی . ئەو شتەی کە لە پرسی ئێمەشدا پێویستی بە شاردنەوە هەیە گوناهەکا نمانە ، بە گوزارشێکی ووردتر گوناهبارییەکەمان ، لەبەرچاوی خودا .
با بگەڕێینەوە لای گوناهەی یەکەم ، گوناهی یەکەم دایك و باوکمان لە بەهەشت . لە سیپارەی پەیدابوون و بەشی دووەم دەخوێنینەوە ، کە خودا مرۆڤی چۆن درووست کرد ، وە چۆن بەدەر لە ئەفراندنەکانی تری بە شنەی ژیان گیانی بەبەردا کرد و پەسەندی کرد کە پێی بوو بە هاوشانی خودا ، بتوانێ هۆشیارانە بیپەرستێ . چۆن خودا دەسەڵات و سەروەری پێ بەخشی بەسەر هەموو دروستکراوەکانی تردا ، دەرکەوت کە هەموو ئاژەڵەکان و باڵندەکانی هێنایە لا کە بەناوی خۆیان بانگیان بکات . بەڵام خودا یەك ڕاسپاردەشی دایە بۆ تاقیکردنەوەی ، تا ڕێز و سوپاسگوزاری و پێزانینی خۆی لە بەرامبەر ئەو خێر و خۆشی و چاکەی خودا لەگەڵی کردووە بسەلمێنێت . بەڵام چی ڕوویدا ؟
شەیتان هات لەشێوەی مارێکدا ، بەگوێی حەوادا چرپاندی ووتنێکی ژەهراوی بە واتای : " یەکەم ئەوەیە خودا درۆزنە ، پێی نەووتوون ئەگەر لەو دارە بخۆن دەمرن ، لەڕاستیدا ئێوە نامرن . پاشان ئەو داد پەروەر نییە ، ئەگەر نا بۆچی سەربەستی ڕەفتارتان لێ دەستێنێ و ڕێتان لێ دەگرێ دەست بەسەر ئەم دارەدا بگرن کاتێ کە ئێوە سەرەك ئەفراندنەکانی ئەون ؟ ! . پاشان ئەو خۆشیشی ناوێن ، ئەگەر بە ڕاستی خۆشی بووینایە ڕێی لێ دەگرتن چێژ لە شتێکی وا وەرگرن ؟

" بەڵكو خودا دەزانێ ئەو ڕۆژەی ئێوە لەو دارە دەخۆن ( بەری دارەكە ) چاوتان دەكرێتەوە و وەك خودا خێر و شەڕ چاكەو خراپە دەزانن " خوداش نایەوێن ئێوە وەك ئەو بن ، بەڵكو لەو كەمتر بن ! "
ئەوانە قسەی مارەكە بوو بۆ ئافرەت . زۆر بەداخەوە ئافرەتەكە بڕوای بە هەمووی كرد ، لە دارەكەی خوارد و دای بە پیاوەكەشی ئەویش خواردی و كارەساتەكە ڕوویدا " چاوەكانیان كرانەوە و زانیان كە هەردووكیان ڕووتن " .
یەكەم هەوڵی مرۆڤ چی بوو لە بەهەشت دوای ئەوەی كەوتە نێو گوناهە و ڕووت بووەوە ؟ پەرتووك دەفەرمووێ " گەڵای دارهە نجیریان دووری و پۆشاكیان بۆ خۆیان درووست كرد " واتە هەردووكیان هەوڵیاندا ئەوەی خراپیان كردووە چامی بكەنەوە ، چارەسەری ئەو گوناهە بكەن كە بەدەستی خۆیان ئە نجامیان داوە بەڵام هەیهوو !
ڕاستە ئەوان تا ڕادەیەك سەركەوتن لە لا لێكردنەوەی ئە نجامی گوناهی هەریەكەیان بەرامبەر یەكتر . بەڵام گوێیان لە دەنگی خودا بوو كە بە بەهەشتدا ڕێی دەكرد ئەوانیش لە پشت درختەكانەوە خۆیان شاردەوە . كاتێ خودا ئادەمی بانگ كرد فەرمووی " تۆ لە كوێی ؟ " وەڵامەكەی بەداخەوە بوو " گوێم لە دەنگت بوو لە بەهەشتدا ترسام و لەبەر ئەوەی ڕووتم خۆم شارەوە " ئەی پۆشاكەكەی ئادەم و حەووا لە گەڵای دارهە نجیر درووستیان كردبوو كوا ؟ بەداخەوە هیچ كەڵكی نەبوو لە بەردەمی خودا .
گەڵای هە نجیر و دارەكانی بەهەشت نیشانەی هەستی دایك و باوكمان بوو بە شەرمكردن و پێویستییان بە دا پۆشین ، بەڵام سەرنەكەوتنی هەوڵەكانیان بۆ چارەسەری گوناهەكە و دا پۆشینی لە بەردەم خودا سەلماند . ئایا هەموو بوون دەتوانێ ئەفرێندراوێك دا پۆشێ یان بشارێتەوە لە پێش چاوی ئەفرێنەرەكەی؟ !

## كەفارەتمەندی لە قوربانیدا

ڕووداوی كەوتنی مرۆڤ بە ڕووتی تەواو نەبووە ، خودا بۆ خۆی هاتە نێو كارەكەوە بۆ چارەسەركردنی ڕووداوەكە . ئادەم نەبوو كە توانی خۆی دا پۆشێ و بشارێتەوە ، بەڵام خودا خۆی ئەوەی كرد " خوداوەند پەروەردگار لە پێست كراسی بۆ ئادەم و ژنەكەی درووست كرد و لەبەری كردن " .
خودا پێستی لەكوێ هێنا ؟ لە ئاژەڵێك سەربڕرا و پێستەكەی داماڵرا ، ئەو فەرموودەیەی چەند جوانە " خوداوەند پەروەردگار ... كراسی ... دروست كرد " پاشان خودا خۆی لە مرۆڤی گوناهكاری ڕووت و ڕەچاڵ چووە پێش تا دایپۆشێ و بیشارێتەوە ، ئای لەو بەخششەیە كە لەو ووشە بچووك و ساكارەوە پرشنگ دەدات " لەبەری كردن " ! !
بەڕاستی چەند سەیرە كەوا لە دیمەنی یەكەم گوناهەدا لە بەهەشت ئەو گوناهەی كە سزای دادوەرییانەی مردنی دا بەسەر دایك و باوكماندا مردنی ئەوان نەبووە یەكەم ڕووداو كە ڕوو بدات لەدوای گوناهەكەی ئەوان نەخێر ئادەم و حەووا نەبوون كە مردن ، بەڵكو ئاژەڵێكی بەستەزمان كە ئەو گوناهێكی نەكردبوو سەربڕرا و مرد لەباتی ئەوان و بە پێستی ئەو قوربانییە ئادەم و حەوا شاردرانەوە ، بە پێستی خۆیانەوە ڕزگاریان بوو .

لە پاشـاندا ڕوونی دەکەینەوە کە ئەو قوربـانییە لە هێمایەکی سـاکار زیاتر نەبـوو بـۆ چارەسـەرە مەزنەکەی خودا ، بەقوربانییەکەش کە ئامادە کرابوو تاقی بکاتەوە بە سەربڕینێکی مەزن . بەڵام ئێستا ئێمە ئەو وانانەی فێری بوین لە گوناهی یەکەم مرۆڤ کورت دەکەینەوە بە پێی ئەوەی لە ( پەیدابوون ٣ ) دا هاتووە :

یەکەم : پێویستی مرۆڤ بە کەفارەت .

دووەم : بێ توانایی لە خۆدا پۆشین .

سێهەم : کەفارە تمەندکردنی مرۆڤ لە لایەن خودا خۆی .

لەوانەیە یەکێك بپرسێت : ڕێگەی تر نییە بۆ نزیکبوونەوە لە خودا بەبێ ئەو کەفارە تمەندییە ؟ ئایا ناتوانین گوناهەکانمان بشارینەوە لە پێش چاوی خودا بـە کردەوەی دەسـتپێوەگرتنەوە و وازلەدنیاهێنان یان هەتا بـە ملکەچکردن و زەبـوونکردنی جەستە ؟ ئەی کۆڕو مەڕاسیمە ئاینییە جۆراوجۆرەکان دەتوانن ببنە مایەی شاردنەوەو لێخۆشبونمان ؟ ئەی کاری خێرو چاکە ؟ ئەمە بەرەو پرسێکی تری گرنگمان دەبات :

## ئایا کردار بەکەڵکی لێخۆشبوون و داپۆشینی گوناهەکان دێت ؟

هەوڵەکەی ئادەم و حـەووا بـۆ شـاردنەوەی ڕووتییەکەیان بـە گەڵای هە نجیر یەکەم هەوڵی مرۆڤ بـوو بـۆ چارەسـەرکردنی گوناهەکەی بە کردارێکی تر . بەجێگەیاندنی هەموو ئەو ئەرکە ئاینییەکانیش بە مەڕاسیمی جۆراوجۆر و فەرزە جیاجیاکانەوە ، وە هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ ڕازیکردنی خودا بە کردار دەیکەن تەنها دووبارەکردنەوەی ئەو هەوڵەیە کە بۆ شاردنەوەی ڕووتییە کە گەڵای هە نجیر بەکارهات ، کەواتە کەڵکی نییە بەهیچ شێوەیەك .

ئیشایای پێغەمبەر لەو بـارەیەوە دەفەرمووێ : **" هەموومان گڵاو بـووین وەك کراسـی زایین ( واتە پەڕۆی گڵاو ) هەموو کردارە چاکەکانمان " ( ئیشایا ٦٤ : ٦ )** ، ئەوە کردەوە چاکەکانمانە لەژێر ڕووناکی پارسایی خودا بە گڵاوییەوە و شڕۆڵەییەوە . ئایا شیاوە مرۆڤ بە بەرگێکی شڕی پیسەوە بچێتە بەردەم خودای پارساوە ؟ !

لە سیپارەی پەیدابوون بەشی لەبارەی یەکەم کەسـی ئایین پەروەر دەخوێنینەوە کە وویسـتی لە خودا نزیك بـێتەوە ، ئەویش قابیینە : خودا پەرستی یەکەم ، یەکەم بکوژیش ! ! بەڵام ئەم قابیینە لە خودا نزیك نەبووەوە لەسەر بنچینەی قوربانی هەروەك کە هابیلی برای کردی ، بە گوێنەدان بەو کەوتنەی ئەو تێی کەوتبوو بەڵکو قابین لەسەر بنەمای کردەوە لە خوا نزیك بـووەوە ، قوربانییەکەی پێشکەش کرد کە بە ماندوێتی دەستەکانی بەدەستی هێناوبـوو ، خودا ڕەتی کردەوە هەروەها خودا ئەو هەوڵەی قابیینیشی ڕەت کردەوە کە دەیویست بەهۆی بەرهەمی زەوی نەفرەت لێکراو و هێزی بازوری لێی نزیك بێتەوە وە لەبەر ئەوەی ئەو گوناهکاربوو ، ئا بەو جۆرە ئەوەیە چارەنووسی هەموو ئەو هەوڵانەی کە مرۆڤ دەیدات بە کردەوە بۆ لێخۆشبوون و شـاردنەوەی .

بەڵام بۆچی کردەوە چاکەکانمان بەکەڵك نایەت بۆ لێخۆشبوون و شاردنەوەی گوناهەکانمان ؟

لەڕاستیدا چوار هۆ هەیە بۆ ئەوە :

١. ئەو کردەوە چاکانەی کە ئێمە دەیکەین ، چەند گەورە و مەزنیش بێت ، بەهایان سنووردارە ، لەکاتێکدا مافی خودا کە خرا پەی بەرامبەرکرا بە هۆی گوناهە سنووری نییە .

٢. ئەو کردەوانە ( ئەوە ئەگەر توانیمان بیکەین ) لە چاکەی خۆمانەوە نییە تاوەکو شایانی پاداشت وەرگرتن بین لەسەریان ، بەڵکو ئەوە ئەرکی سەرشانمانە و کەم تەرخەمیش لێیان سزای لەسەرە.

٣. چونکە سزای گوناهە مردنە " ( ڕۆما ٦ : ٢٣ ) ، نەك کردەوەی چاکە ، وەك چۆن شیاو نییە پیاوکوژ لە بەردەمی دادگا کە لە ماڵێك بۆ پەناگەی هەتیوان درووست بکات لە بەرامبەر لێخۆشبوونی دادگا لە کارەکەی ، ئاوا ناشێت و گونجاو نییە کردەوەکان بخرێتە بری سزای گوناهە .

٤. چونکە ئەو کردەوانەی ئێمە پێیان دەڵێین چاکەن ، لە پێش چاوی خودا وا نییە ، بەڵکو لەکەدارە بە کەم و کورتی و خەوشی سرووشتی کەوتووی مرۆڤ . فەرموودەی ئیشایای پێغەمبەر بەبیر خۆت بهێنەوە " وەك کراسی زایین ( گڵاو و شڕۆڵ ) هەموو کردەوە چاکەکانمان " .

کەواتە کێ گوێ بە فێرکاریی پەرتووکی پارسای ڕاشکاو نادات لەو بارەیەوە وە بەردەوام دەبێت لە نزیکبوونەوە لە خودا بە کردەوە ، ئەوە ئەو شوێن ڕێگەی قابین دەکەوێ ، ڕێی کردەوە ، وا دەزانێ ئەگەر مرۆڤ باشترین کردەوەی کە لە دەست دێ بکات ئەوە بەو پەسەندی و قبوڵکردن بەدەست دەهێنێ لە لای خوداوە .

بەداخێکی گرانەوە ئەمڕۆ ملیۆنەها هەن لە هەموو جیهان ئەوانەی کە شوێنکەوتەی ڕێگەی قابینن ، فەرموودەی خوداش لەبارەیانەوە دەفەرموێ : " واوەیلا بۆ ئەوان چونکە ڕێگەی قابینیان گرتۆتەبەر " ( یەهودا ١١ ) .

کەواتە دەربازبوون نییە لەو ڕێگەیەی خودا کێشاویەتی . کردەوەکان بەکەڵکی شاردنەوە و داپۆشین نایەن ، چارەسەر لە سەربڕینە ، کەفارە تمەندی بە سەربڕینەوەیە ، بەڵام کام سەربڕینەوە ؟ ئایا سەربڕینی ئاژەڵێن مرۆڤێك دەکرێتەوە ، کام مرۆڤ ؟ ئەمە بەرەو پرسێکی ترمان دەبات :

## بۆچی سەربڕینی ئاژەڵ ؟

زۆر ئاشکرایە کە چۆن کردەوە چاکەکان بەکەڵکی لێخۆشبوون و شاردنەوەی مرۆڤ نایەن ، ئاوەهاش سەربڕینی ئاژەڵ بەکەڵکی کەفارەت نایەت ، ئەوە لە گۆشەیەکی دیاریکراوە یەکێ لەو کردەوانە دەژمێردرێت کە مرۆڤ دەتوانێ بیکات . بڕوانە ( زەبوری ٥٠ : ٧ ١٥، ٥١ : ١٦، ١٧ ) .

وە هەروەك باسمان کرد کردەوەی چاکەکان هەرچەندە گەورە بن سنووردارن ، سەربڕینی ئاژەڵیش هەروایە ، کەواتە چۆن گۆلکێك کە لەناودەبرێ دەتوانێت مرۆڤێکی زیندوو ( نەمر ) لە مردنی هەتایی ڕزگار بکات ( بکرێتەوە ) ؟ بۆ ئەوە ووشەکانی پۆڵسی نێردراو کە براندوێتەوە لە ( عیبرانیەکان ١٠ : ٤ ) دەفەرموێ : " ناکرێ خوێنی گا و گوێرەکە گوناهی ئێمە لابات " .

ئەگەر ئەوە ئاوەهایە ، ئەی بۆچی خودا لە پەیمانی کۆندا فەرمانی دا ئاژەڵی سەربڕاو پێشکەش بکەن ؟

وەڵام : لەبەر ئەوەی خودا لە پەیمانی گۆندا پەیمانی هێماکان ، وویستی گەلەکەی فێری چوار بنەما سەرەتایی بکات .
یەکەم : وویستی گوناهە بە بیر و ویژدانی گەلەکەیدا بێنێ تا بزانن خودا چەندی ڕق لێیە .
دووەم : تا بزانن دادوەری خودا لە بەرامبەر گوناه مردنە و لەوەش کەمتر نییە .
سێهەم : تا بزانن لای خودا ڕێگەیەکی بە بەزەیی هەیە بۆ هەلگرتنی گوناهەکان و گوناهکار بەو ڕێگەیە دەتوانێت لێی ببوردرێت .
چوارەم : تا هەندێ زانین بە گەلەکەی ببەخشێ لەسەر ئەو کارە مەزنەیە کەفارە تمەندی و لەبارەی ئەو کەسە مەزنەی کەفارە تمەندی درووست دەکات ، ئەو فریادڕەسەی ( ڕزگاریدەرەی ) کە پێشتر ناسرابوو پێش دامەزراندنی جیهان ( ١ پەترۆس ١ : ١٨ ) .

## فریادڕەس کێیە؟

دەتوانین لە ووشەی خودا ئەم مەرجانە دەربهێنین بۆ ڕزگاریدەر ( فریادڕەس ) :

١. بەهای مرۆڤ کەمتر نەبێ تا بتوانێ گوناهەی بپۆشێ ، واتە دایپۆشی و بیشارێتەوە . بۆیە سەربڕینی ئاژەڵ کەڵکی نییە .
٢. بەلام لەبەر ئەوەی ئەو تەنها مرۆڤێك ناگرێتەوە بەڵكو زۆری تر ، دەبێ نرخی زۆر زیاتر بێت لەوان ، بۆیە نابێ مرۆڤێکی ئاسایی بێت .
٣. پێویستە هیچ گوناهێکی نەبێت . ئەو ئەگەر گوناهبار بوایە ئەویش پێویستی بە یەکێك دەبوو لەگوناهی خۆشبێت و بیشارێتەوە و بەکەڵکی ئەوە نەدەهات بە هانای کەسی ترەوە بچێت و ڕزگاری بکات .
٤. پاشان پێویستە کە درووستکراو نەبێت . ئەو هەروەها مافی ئەوەی نابێ خۆی پێشکەشی خودا بکات .
٥. بەلام بۆ ئەوەی بتوانێ نمایندەی مرۆڤ بکات لەبەردەم خودا ، دەبێ مرۆڤ بێت ، وە بەتەنها ئەوە دەتوانێ لەباتی مرۆڤ نمایندەی بکات لە بەردەم خودا .

ئای لەو کێشەیە ! کەسێکی وا سەرسوڕهێنەرمان لەکوێ بوو هەموو ئەو خەسڵەتانەی تیا کۆبووبێتەوە ؟ ! مرۆڤ ، بێ گوناه ، درووستنەکراو ، وە بەهاشی لە هەموو مرۆڤ زیاتر بێت ! !
بەلام ئەگەر ئێمە ئەو کێشەیەمان پێ چارە نەکرێ ، ئەی لای خودا چارەی نییە ؟ ئەلیهوو فەرمووی : " ئەگەر یەك نێردراو لە هەزار لای خودا هەبێت تا ڕاستبوونەوەی مرۆڤ ڕاگەیێنێت ( واتە ڕاستبوونەوەو پاکانەی خودا ) ، بەزەیی پێدا دێتەوە و دەفەرمووێ بەریدە با بکەوێتە چاڵەکەوە ، کڕینەوەکەم دۆزییەوە " ( ئەیوب ٣٣ : ٢٣ ٢٨ ) . ئایا وەکو ئەم کەسە لای خودا بینرایەوە ؟ نێردراوەکە دەفەرمووێ بەڵێ : " دەزانن ئێوە کڕانەوە " ... پاشان بۆمان باس دەکات فریادڕەس کێیە " مەسیح پێشتر ناسراو بوو پێش دامەزراندنی جیهان " ( ١ پەترۆس ١ : ١٩، ٢٠ ) .

کەواتە چارەسەری ئەو کێشـەیە لای خەڵك نییە بـەڵکو لای خودایە . بـەڵێ ، لای ئەوەوە نێردراوەکە هات ، ئەوەی کە ئەیوب هیوا خوازی بوو کاتێ هاواری کرد و فەرمووی : " ئاشتگەرەوەیەك لە نێو ئێمەدا نییە دەست بخاتە سـەر هەردوو لامان " ( ئەیوب ٩ : ٣٣ ) !

وە ئەگەر ئەو ئاشـتگەرەوەیە ( ناوبـژیوانە ) بـتوانێ دەسـت بخاتە سـەر خودا و خەڵك لەیەك کاتدا ، ئەوە واتای ئەوەیە هاوسەنگی خودا و هاوسەنگی خەڵکیشە . تۆ بڵێی ئەو کەسە کێ بێت ؟

ئەوە کەسێکی دانسقەیە و لە هەموو گەردوون هاوتای نییە ( بـینین ٥ : ٢ ٥ ) ، ئەو پیاوەیە کە هاوڕێی خودای سوپاسـالارە ( زەکەریا ٣ : ٧ ) ، ئەو ڕۆڵە ئەزەلییەکەیە کە بووە ڕۆڵەی مرۆڤ ! !

ئەگەر ئەو مرۆڤ نەبوایە نەیئەتوانی نمایندەی مرۆڤ بێت ، گوناهەکانیان هەڵگرێ و لە باتی ئەوان بـەرگەی لێپرسـینەوەی ڕۆژی هەستانەوە بگرێ . وە ئەگەر ئەو کەمتر بوایە هێندەی تاڵە موویەك لە باوکەکە ، هەرگیز نەیدەتوانی .

کەواتە مەسیح تەنها ڕزگاریدەرە ، بەڵام ئایا مەسـیح بـەژیانی و فێرکردنەکانی و پەرجووەکانی توانی ڕزگارمان بـکات یان پێویستی بە بەشێکی تر هەبوو . ئەوە بەرەو خاڵێکی زۆر گرنگمان دەبات .

# خوێن

ووشەی خوێن لە پەرتووکی پارسـادا جێگەیەکی دیاری هەیە ٤٢٧ جار ناوی هاتووە و گەواهیدانی پەرتووکەکە هەمووی کۆکە لەسەر ئەوەی کەفارەت بەبێ خوێن نابێ . ئەو خوێنە نا کە بە شادەمارەکاندا دێ و دەچێ ، بەڵکو خوێنێکی ڕژاو " لێخۆشبـوونی گوناهیش بە بێ خوێنڕشتن نابێ " ( عیبرانیەکان ٩ : ٢٢ ) .

لە گرنگترین بەشەکان کە باسی ئەم شتە دەکات ( دەرچوون ١٢ ) کە باسی ئەو شەوە دەکات گەلەکە لە ماڵی کۆیلایەتی لە میصر دێنە دەرێ دوای سەربڕینی مەڕی تێپەڕبوون .

خودا چی لێ داوا کردن ئەو شەوە تا نۆبەرەکانیان ڕزگاریان بێت ؟ فەرمووی : " هەرکەسێ بەرانێکی ساغ دەبات ... سەریان دەبڕن هەرهەمووان بە کۆمەڵ ... خوێنەکە دەبەن لە هەردوولای دریژی و باهۆی سەرەوەی دەرگاکانی دەدەن . خوێنەکە بۆتان دەبـێتە نیشانەیەك لەسەر ئەو ماڵانەی کە ئێوەی تێدان خوێنەکە دەبینم بەسەر ئێوە تێدە پەڕم " .

کەواتە چی ئەیپاراستن لەو شـەوەدا لە گورزی فەوتان ؟ وەڵامەکە " خوێنەکە " خودا داوای لێ نەکردن کە تەنها کار بـە کردەوە چاکەکانیان بکەن ، وە یان بەجێبـەجێکردنی کارە ئایینیەکان و بـەدەرگای ماڵەکانیانەوە هەڵیانواسـن .. ڕزگاربـوون لەو شتانەدا نییە بەڵکو " خوێنەکە دەبینم بەسەر ئێوە تێدە پەڕم " .

یەکێك ڕاوەستا گەواهی بدات لەسەر باوەڕی بە مەسیح کە پێشتر جوولەکە بوو ووتی : لە فەلەستین لەدایکبـووم نزیکەی ٧٠ ساڵی ڕابردوو ، لە منداڵیمەوە فێر بووم کە تەورات بخوێنمەوە هەر زوو ڕاهاتم لەسەر ئامادەبوون لە کۆڕە ئایینییەکان تا گوێ لە ڕابییەکان بگرم ( مامۆستایانی شەریعەت ) بۆ وانە و فێرکردنەکانی جوولەکە ، ئەو کاتە وامزانی بە پێی ئەوەی فێریان

کردبووم  کە ئایینەکەمان تەنها ئایینی ڕاستەقینە لە جیهاندا .
کاتێ گەورە بووم و دەستم کرد بە خوێندنی تەورات ، تووش شۆك بووم بەو ڕاستییەی کە کەس لە خەڵك لێی ئاگاداری نەکردبوومەوە ، مەبەستم ئەو پێگە هەرە گرنگەی خوێنە لە هەموو مەڕاسیم و کاروبارە خوداییەکان لە سپیارەکانی تەوراتی پارسا . جار لە دوای جار خوێندمەوە سپیارەی دەرچوون بەشی ١٢ ، لەسەر لاوییەکان ١٦ زۆر ڕاوەستام کە گەیشتمە بەشی ١٧ لە سپیارەی لاوییەکان پەشۆکام و زۆر تیکچووم لەو ئایەتە کە نەمتوانی لێی دەرباز بم نە بە ڕۆژنە بە شەو **" چونکە خوێن لە کەسەکان خۆشدەبێت "** .
من دەمزانی پێویستیم بە کەفارە تمەندی هەیە  وە من لە قوڵایی ناخمدا گوناهبار و گڵاوم لەگەڵ ئەو هەموو توێکڵە رووکەشە ئایینییەی داپیۆشیوم ، ئەوەتا تەورات بە شێوازێك کە ئاشکرایە و بێ تەم و مژ دەفەرموێ کەفارتمەندی لە خوێندایە و هیچ شتێك وەك خوێن نییە ، ئەو خوێنە لە کوێ بێنم ؟
بەو دۆش داماویەمە چووم بۆ لای یەکێ لە ڕابیە گەورەکان تا لێی بپرسم . وەڵامی دامەوە کە خودا ئەمرۆ لە گەلەکەی تورەیە ، وە پەرستگا کە ئەو تەنها شوێنەیە ڕێگەمان پێدراوە قوربانیەکانی خۆمانی تیا پێشکەش بکەین  هەزاران ساڵ دەبێ دارماوە  ئەو هۆی بەتاڵی پەرستنەکا نمانە لە خوێن ، ئەو ڕۆژەی پەرستگا کە بنیاد دەنرێتەوە دەگەڕێینەوە سەر سەربڕینی قوربانییەکان بەڵام ئەمرۆ پەنا دەبەینە بەر فێرکارییەکانی تەلموود و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی تر .
چۆن بۆ کارێکی وا بنەڕەتی پەنا دەبەمە بەر فێرکاری و قسەی خەڵکی ؟ هەوڵمدا بەو وەڵامە خۆم ڕازی بکەم بەڵام نەمتوانی ، چوومە لای زۆر مامۆستایانی تر جگە لەو ، وەڵامی ڕامانەکەم لای ئەوانیش دەست نەکەوت : " چۆن دەتوانم کەفارەت بەدەست بهێنم " .
کاتێ تەمەنم گەیشتە سی ساڵ چووم بۆ ئەمەریکا بێ ئەوەی ئەو دڵڕاوکێیەم لێ جیابێتەوە یان بیرکردنەوەم لە گوناهەکانم ئارام بێتەوە !
ئەو شەوەی کە لە بیرم ناچێتەوە ، بە شەقامەکانی ئەو شارەی کە بۆی چووبووم پیاسەم دەکرد تابلۆیەکم خوێندەوە و تێی گەیشتم کە ئەو شوێنێکە بۆ کۆبوونەوەی جوولەکەکان ، خۆ تێهەڵقورتان پاڵینام کە بچمە ژوورەوە بۆ ئەو شوێنە ، ئەگەرچی کۆبوونەوەکە دەستی پێکردبوو، هەر ئەوەندە دانیشتم لە شوێنی خۆم گوێم لەو کەسە بوو قسەی دەکرد دەیووت : **" خوێنی عیسای مەسیحی ڕۆڵەکەی لە هەموو گوناهێك پاکمان دەکاتەوە " ( ١ یۆحەننا ١ : ٧ )** دەستەواژەی **" خوێن "** ڕایکێشام ئەوە ئەوە بوو کە بە درێژایی ساڵەکانی ڕابردوو من بەدوایدا دەگەڕام بە هەموو هەستەکا نمەوە گوێم بۆ ئەو پیاوە شل کرد کە دەستی کرد بە خوێندنەوەی **( عیبرانیەکان )** ئەو ئایەتەی لە بەشی **٩ : ٢٢** دا هاتووە **" لێخۆشبوونی گوناهیش بەبێ خوێنڕشتن نابێ "**
پیاوەکە دەستی بە شی کردنەوە کرد کە چۆن هەموو قوربانییەکانی پەیمانی کۆن سێبەر و هێمای ئەو بەرخە ناسراوە بوون پێش دامەزراندنی جیهان ، ئەوەی بە خوێنی خۆی کڕینیەوە **( ١ پەترۆس ١ : ١٨ ٢٠ )** وە چۆن خودا لە **" پڕی زەمانە تاقە ڕۆڵەکەی خۆی نارد تا لەباتی ئێمە بمرێ ، وە چۆن ئەو ڕۆڵە بەخشندەیە خوێنی ڕژا بۆ کڕینەوەمان ، ئەو بە خوێنی خۆی یەکجار چووە نێو شوێنی هەرە پارسا و کڕینەوەی جاویدانیی بەدەستهێنا " ( عیبرانیەکان ٩ : ١٢ )** .

شەوێکی یەکلاگەرەوە بوو سەبارەت بە شێخە پیرەکەمان . کاتێ هەر ئەو شەوە لە کۆبوونەوەکە هاتە دەرێ و زما نحاڵی دەیووت :
" خوێنی پەروەردگارم لەسەر خاچ تاوانم سڕییەوە . . وە لەسەر دڵە تەنگەکەم هەموو غەمەکانم لەناوچوو "
ئازیزم . . پیاوەکە چیرۆکەکەی تەواو کرد ، بەڵام تۆ چیرۆکەکەت هێشتا تەواو نەبووە ، دەتوانی گرنگترین بەشی لێی زیاد بکەیت ئەگەر بڕوا و متمانەت لە مەسیحدا دانا . لە خوێنی ئەودا کە هەموو گوناهێك بێگەرد دەکاتەوە . خوێنی چاکەکار و بەخشندە کە ڕژا لە پێناوی گوناهبارانی وەك ئێمە ، بە باوەڕهێنان لە کەسی ئەو مەسیحەی کە لەباتی تۆ مرد ، لێخۆشبوون لە گوناهەکانت و ژیانی جاویدانیت پێ‌دەبڕێت .

## ئایا ئەم فێرکاریە لۆژیکییە ؟

بەڵێ ، تەواو لۆژیکیە . چونکە خودا لە سەرەتاوە مردنی داناوە لە سزای ئەو سەرپێچییە لە فەرمانەکانی کە بە ئادەمی فەرمووو : " ئەو ڕۆژەی لێی دەخۆی ( درەختی زانین ) بەمەرگ دەمریت " ( پەیدابوون ٢ : ١٧ ) ، پاشان گەڕایەوەو هەمان شتی دووبارەکردەوە کاتی کەوتنەکە ، خەزەقیال ی پێغەمبەر فەرمووی : " ئەوەی گوناهە دەکات دەمرێ " ( ١٨ : ٤ ) تەنانەت لە پەیمانی نوێشدا پۆڵسی نێردراو هەمان شت باس دەکات لە ( ڕۆما ٦ : ٢٣ ) " سزای گوناهە مردنە " ئەی چۆن دەتوانرێت لە مردن دەرچی ؟ ئەگەر لێبوردەیی هەبێت بۆ گوناهکار و لێخۆشبوون هەبێ لە گوناهەکان ، ئەی چۆن ئەوە دەبێت ئەگەر یەکێکی تر نەیەت سزای مردن هەڵگرێ لەباتی ئەو ؟
یان پێدەچێت ئەو هزرێکی نامۆ بێ ژیانی ڕۆحی بەدەست بێنیت لە ڕێگەی مردنی یەکێکی تر لەباتی ئێمە ! کەواتە بیر بکەرەوە چۆن ژیانی سروشتی خۆت بەدەست دەهێنی و چۆن پارێزگاری لەو ژیانەوە دەکەیت ؟ ئایا مردن دەبێتە خۆراکی ؟ ئاژەڵ یان باڵندەیەك سەردەبردرێ و خوێنی دەڕێژرێ و دەمرێ تا ببێتە خۆراك . وەك ئەوەی خودا بە دانایيە گەورەکەی بەو مەبەستەی وامان لێبکات هەموو ڕۆژێ لەگەڵ ئەو هزرە بژین و بە بەردەوامیش بەجێی بهێنین ، ژیانی سروشتیمان لەسەر مردن دەژی و خۆراك دەخوات ، لە مردنەوە دەژێتەوە ، وە ئەگەر ژیانی ڕۆحیشمان هەروەها بێ ، ئایا مافی ئەوەمان هەیە ڕەخنە بگرین یان لاریمان هەبێ ؟ یان بڕوامان هەیە و گونجاوە سەراسیمە بین ؟ ئەمە هەر ئەوە نەبوو پەروەردگار مەبەستی بوو کاتێ بە جولەکەکان فەرموی : " ڕاستی ڕاستیتان پێ‌دەڵێم ئەگەر لە لەشی ڕۆڵەی مرۆڤ نەخۆن و لە خوێنی ئەو نەخۆنەوە ژیان لە ئێوەدا نییە " ( یۆحەننا ٦ : ٥٢ ) ؟ مەبەست لەو قسە ڕۆحییانە باوەڕهێنان بە کەسی ئەو بە مردوویی لەسەر خاچ لە باتی گوناهباران و ڕژانی خوێنی پارسای بۆ کڕینەوەمان .
بەڵێ هەروەك ئێمە ژیانی سروشتیمان بە مردنی یەکێکی تر درێژە پێدەدەین ، ژیانی ڕۆحیشمان بە هەمان شێوە لەگەڵ ئەو جیاوازییە ، کە ئاژەڵەکان بە ڕەزامەندی خۆیان نامرن و مردنیشیان پەیوەندی بە کەفارەتەوە نییە ، بەڵام هەر ئەو بنەمایە دەمێنێتەوە هەروەك لە ژیانی سروشتیدا و لە ژیانی ڕۆحیشدا ، ئەویش ئەوەیە لە مردنێکی تر ژیان بەدەست دەهێنین ، ئەوەش بەرەو خاڵێکی دواهەمینمان دەبات لە بابەتەکەماندا مەبەستم ئەوەیە :

# پێویستیبوونی کەفارەت

ئەویش سێ پێویستیبوونە : ( حە تمییەت )
یەکەم : گەڕانەوەی شکۆمەندی خودا .
دووەم : بۆ مسۆگەرکردنی چاکەی خودا .
سێهەم : ڕاگەیاندنی خۆشویستنی خودا .

## یەکەم : پێویستیبوونی کەفارەت بۆ گەڕانەوەی شکۆمەندی خودا :

گوناهە کە هەرچەند دژی خودای پارسایە نرخەکەشی بێسنوورە و شایانی سزادانی بێسنووریشە ، با ئەوە ڕوونکەینەوە : وابوو فەرمانبەرێکی بچووك لە وەزارەتێك دەستدرێژی کردە سەر هاوڕێیەکی ، ئەوە ئەگەر داوای بوردن لە هاوڕێکەی نەکات بێگومان سزایەك وەردەگرێ ، بەڵام ئەگەر هەر ئەو فەرمانبەرە بچووکە دەستدرێژی کردە سەر وەزیر ، ئەو ئیشە کە بەداوای لێبوردنێك کۆتایی نایەت و بە ئیمزاکردنی سزایەکی ئاسایی تەواو نابێت بەڵکو پلە و شێوەی سزاکە زیاتر دەبێ ، چونکە ئەوەی دەستدرێژی کراوەتە سەری گەورەترە . وە ئەگەر گوناهە لە دژی خودا بوو ، سزاکە چەند دەبێ ؟ ! لەم حاڵەتەدا سزاکە گەورەتر نابێت چونکە گوناهەکە دژی کەسێکی گەورە نییە بەڵکو بێسنوورە چونکە لە بەرامبەر خودای بێسنوور کراوە ، بێگومان خودا دەیتوانی هەموو مرۆڤە گوناهبارەکان فڕێ بداتە دۆزەخ سزای گوناهەکانیان ( وە هەر ئەوەش لە دژی ئەو کەسانە دەکات باوەڕ بە کاری ڕۆڵەکەی ئەو لە پێناوی ئەوان ناکات ) . بەڵام ئایا فڕێدانی گوناهبار بۆ دۆزەخ قەرەبووی خودا دەکاتەوە لە مافە زەوتکراوەکانی و شکۆمەندییەکەی کە سووکایەتی پێ کرا ؟ نەخێر چونکە سنووردار بخەیتە سنووردار جگە لە سنووردار هیچی تری لێ بەرهەم نایەت و مانەوەی مرۆڤیش لە دۆزەخ ملیۆن ملیۆنەهای ساڵ ناتوانێت مافی خودا بگەڕێنێتەوە .
لە پێناو ئەوەدا مەسیح هات بۆ جیهان . وە بەو پێیەی کە ئەو خودای دیاربوو لە جەستەدا بەهاشی بێسنوورە ، بەوە ئەو بە مردنەکەی توانی خودا زۆر شکۆمەندتر بکات لەو سووکایەتییەی بەهۆی گوناهەکانمانەوە بەسەر بایەخ و باوەڕی شکۆمەندی ئەودا هات . ئەوە ئامانجی سەرەکییە لە کەفارەتمەندی ، شکۆدارکردنی خودا یەکە مجارگەر بمەوێ کەفارەتی گوناهەکانم بکەم . پێویستی دروستکراو نابێ پێش شکۆمەندی خودا بکەوێ ، شکۆمەندی خودا ڕووی نەدەدا ئەگەر مردنی مەسیح نەبوایە !

## دووەم : پێویستیبوونی کەفارەت بۆ مسۆگەرکردنی چاکەی خودا :

ئەیوب لەکۆندا پرسی کرد " مرۆڤ چۆن پاکانە دەبێت لای خودا ؟ " ( ئەیوب ٩ : ٢ ) ئەیوب دەیزانی خودا بەبەزەیی و بەخشندەیە ، بەڵام کە داد پەروەرە ئەگەر خۆشویستن و بەزەیی خودا بیانەوێت لە گوناهبار

خۆشبن ، ئەوا داد و دەسەڵاتیشی حوکم بەسەردان و سزادانی گوناهکار مسۆگەر دەکەن . وە هەروەك ئەوەی ئێمە لە بەردەمی دادگا بین داواکاری گشتی داوا دەکات واژوو لە سەر توندترین سزا بکرێت بەرامبەر بە تاوانبار لەسەر ئەو سووکایەتییەی بە بنەما ئاسمانییەکانی کردووە و گوناهی لە دژی ئەفرێنەرەکەی کردووە ، نمایندەی بەرگریش داوا دەکات سۆز و بەزەیی بەکاربێنن بەرامبەر بە گوناهکاری بێدەسەلات و داوای بەخشینی بۆ دەکات . بەڵام دۆزەکەی ئێمە داوا و سکاڵای کەسێك و پارێزەروەك کەسێکی تری تیا نییە بەڵکو هەردووکیان خەسڵەتەکانی یەك خودان ، داد پەروەر و بەبەزەییشە خۆشویست و داد پەروەریشە لە هەمان کاتدا ، کەواتە ڕاستی خەسڵەتەکانی خودا لێخۆشبوونی گوناهکاری بوێت ( کە خودا دەیەوێ بەزەیی بۆ بنوێنێ ) بەڵام لەسەر بناغەی داد پەروەری بۆ ئەو لێخۆشبوونە . ئەوە چۆن دەکرێ ؟

دانایی خودا لە بەرزترین وێنەدا ڕاگەیاندرا کە چارەسەری بۆ دۆزرایەوە ، چارەسەرەکەش ئەوە بوو کە مەسیح لەخاچ بدرێ و بمرێت لە باتی ئێمە بەوەش داد پەروەری خودا تەنها ڕەزامەندی نییە یان ڕێگە بە پاکانەی تاوانبار بدات ، بەڵکو ئەو داوای پاکانەی لێ دەکات چونکە ئەو هەموو مافەکانی خۆی کۆکردەوە و وەرگرت لە نمایندە و لە باتییەکە . عیسای مەسیح .

کەواتە کەفارە تمەندی تاکە بناغەیە کە وای کرد خودای پارسا لە مرۆڤی گوناهبار نزیك بێتەوە و پیرۆزی بکات ، بەبێ ئەوەش ئەو بەرەکەت و پیرۆزکردنەوە بوو کە خودا بە ڕەگەزی ئادەمی تاوانباری ببەخشێ . لە مەسیحی لەخاچدراویشدا دوو دژەیەك پێکەوە کۆبوونەوە ، وەك پەسنی بێژ دەفەرموێ : " بەزەیی و ڕاستی پێك گەیشتن ، چاکە و ئاشتیش یەکیان گرت " ( زەبوری ٨٥ : ١٠ ) ، بەزەیی و ڕاستی پێکەوە داوای پاکانەی ئەو گوناهکارە دەکەن کە باوەڕی بە مەسیح هێناوە ، لە پاش ئەوە ئەم ئاشکراکردنە مەزنە هات کە ناوەڕۆکی ئینجیلە بەڵام خودا بە خۆڕایی بێتاوانی کردن بە بەرەکەتی خۆی بە هۆی کڕینەوەیان بە خوێنی عیسای مەسیح ئەوەی خودا کردی بە کەفارەت لە جیاتی گوناهەکانیان بە باوەڕهێنان بە خوێنی ئەو " تا ڕاست ودروست بێ و ئەوانە بێتاوان بکات کە باوەڕیان بە عیسا هێنا " ( ڕۆما ٣ : ٢٤ ٢٦ ) .

## سێهەم : پێویستیبوونی کەفارەت بۆ ئاشکراکردنی خۆشویستنی خودا :

کاتێ باسمان لە یەکەم گوناهە کرد ( پەیدابوون ٣ ) باسمان لەو بوختان و دەلەسەیە کرد لە نێو قسە ژەهراویەکاندا کە کاتێ مارەکە ووتی :

خودا ڕاستگۆ نییە : پێی ووتوون " ئەو ڕۆژە لێی دەخۆن دەمرن " ، لە ڕاستیدا ئێوە نامرن .

خودا داد پەروەر نییە : چونکە ڕێی لە ئێوە گرتووە دەستتان بگاتە ئەو دارە کە ئێوەش لە سەروو هەموو دروستکراوەکانی ئەوون .

خودا خۆشویستن نییە : ئەگەر ئێوەی خۆشبویستایە چێژی شتێکی لێ حەرام نەدەکردن و ڕێگەی پێدەدان وەك ئەوتان لێ بێت .

کاتێ ئافرەتەکە لە دارەکەی خوارد ، دای بــە پیاوەکەی ئەویش خواردی ، واتــای ئەوە ئەوەیە ووتــی " ئامین " ( ڕازیم ) لەســەر ئەو هەموو دەلەسەو هەڵبەستنانەوە ، ئەوە سوکایەتییەکی زۆر بوو بۆ خودا لە پێش ئەفرێندراوەکان .

خودا دەیتوانی لە یەکەم ساتدا بیسەلمێنێ کە ئەو ڕاستگۆیە ، ئەی چەند ئاسان بــوو کە حــوکمی مردن بەســەر ئادەم و ژنەکەی بــدات هەر لەو کاتەدا ، بــەڵگەی ڕاســتگۆیی خودا لەبــەردەم هەمووان‌دا بســـەلمێنێ .. ئەو کاتە هەموو ئەفرێندراوەکانیش دەیانزانی کە ئەو داد پەروەرو بەدەسەڵاتە ، چەنکە یاخیبوون و سەرپێچی ســزای داد پەروەریانەی خۆیان وەردەگرت .. بــەڵام ئەو پرسەی کە هەتاهەتایە بەبێ وەڵام دەمایەوە ئەوە بوو : ئایا خودا خۆشویستنە ؟

لەبەر ئەوە خودا ڕێگەیەکی تری گرتەبەر ، وەڵامی دەلەسە و بوختانەکانی شەیتانی دواخست بۆ نزیکەی چوار هەزار ساڵ ، بەو کۆتایی هێنانە ئەو ڕۆژە قوربانییەك لە بەهەشت پێشکەش بکرێت . بەڵام ئەوەی کوشتنەوەی یەکەمی لە بەهەشــت پێشــکەش کرد ، خۆشی وەك قوربانییەکی ڕاستەقینە لەسەر خاچ پێشــکەش کرد ! ئەوەی پۆشــاکی لە پێســت درووســتکرد بــۆ مرۆڤ لە بەهەشت ، لە خودی خۆی پاککردنەوەی گوناهەکا نمانی درووستکرد ، ئەوەی بەو دەســتە بەســۆزەکانی جلی لە بــەری مرۆڤی درووستکرد لە بەهەشتدا ، هەر ئەوە بووە پۆشاك و چاکەخوازمان ! ! یۆحــەننای نێردراو لەبــارەی مەسیحــەوە دەفەرموێ : " لە پێناو ئەوەدا ڕۆڵەی خودا دەرکەوت تا کارەکانی ئیبلیس بەدرۆ بخاتەوە " ( ١ یۆحەننا ٣ : ٨ ) .

پۆڵسی نێردراویش دەفەرموێ : " جارێك دەرکەوت لە کۆتایی زەمانەوە تاکو گوناهە بسڕێتەوە بەوەی خۆی کرد بە قوربانی " ( عیبرانیەکان ٩ : ٢٦ ) لە خاچیش ئێمە تەنها ڕق و کینەی مرۆڤ نابــینین بەرامبــەر بــە خودا ، ئەو کارەی کە لەخاچدانی ڕۆڵەکەیدا خۆی نواند ، هەڵیانواسیبوو بەسەر تەختەدا ، بەڵکو ئێمە شــتێکی تر دەبــینین کە ئەویش لەکاتی لەخاچدانەکە ڕوویدا ، لێپرســینەوە داد پەروەرییەکەی خودا دەبــینین لە گوناە و گوناهبــاران . لەبــەر ئەوە ئاسمان بــەڕووی عیســـای پەروەردگارماندا داخرا ، تاریکییەکی ترسناك داپۆشی ، بە شمشــێری دادی خودایی لێدرا ، هاواری کرد " خودایە خودایە بــۆ بەجێت هێشتم " ( مەتتا ٢٧ : ٤٦ ) ، لەسەر خاچەکە کەمترین تیشك لە سۆز و بــەزەیی خودای بــاوك نەبــوو ، چووە نێو ئەو تاریکییە ڕەشەی ئەو کەسەی دا پۆشیبوو کە گوناهەی نەزانی ، کاتێ کرا بە گوناهە لە پێناوی ئێمەدا .

لەوێدا لەسەر خاچ مەسیح سەلماندی کە شەیتان درۆزنە . شەیتان لە بەهەشت ووتی : " نامرن " بەڵام کاتێ مەسیح لەسەر خاچ مرد ڕاستی قسەی خودای سەلماند " سزای گوناهە مردنە " ( ڕۆما ٦ : ٢٣ ) .

مەسیح لەسەر خاچەکە چاکەنوازی و داد پەروەری خودای ڕاگەیاند لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆڵە خۆشەویستە پارســاکەی ئەو هەڵگری گوناهەکان بوو ، بەڵام تەواوی لێپرسینەوەی ڕۆژی دوایی خســتە ئەســتۆ . ئەو فەرمووده نەمرە چەند ســەمەرەیە لە کاتێکدا بەسەر خاچەکەوە بوو : " تەواو بوو " بەڵام شتێکی تری مەزن کە خاچەکە سەلماندی کە نەدەکرا دەرکەوێ بەبێ خاچەکە ئەویش ئەوە بوو خودا خۆشویستنە . ئایا لەخاچدانی مەسیح هاوتای هەیە بۆ ئاشکراکردنی خۆشویستنی خودا ؟

" خودا خۆشویستنی خۆی پیشان داین چونکە لەو کاتەی ئێمە هێشتا گوناهکار بووین مەسیح لە پێناوماندا مرد " ( ڕۆما ٥ : ٨ )

.

بەوە خۆشویستنی خودا لە نێوماندا دەرکەوت ، خودا ڕۆڵە تاقانەکەی خۆی نارد بۆ جیهان تا بەو بژینەوە ، لەوەدا ئەوەیە خۆشویستن ، نەك ئێمە خودامان خۆشویست ، بەڵکو ئەو ئێمەی خۆشویست و ڕۆڵەی خۆی نارد بۆ کەفارەتی گوناهەکانمان ( ١ یۆحەننا ٤ : ٩ ١٠ ) .

چونکە خودا بەم جۆرە جیهانی خۆشویست تەنانەت تاقە ڕۆڵەی خۆی پێشکەش کرد هەتا هەموو ئەوانەی باوەڕی پێ دەهێنن لەناو نەچن بەڵکو ژیانی جاویدانی بەدەست بهێنن " ( یۆحەننا ٣ : ١٦ ) .

بەڵێ ئای لەو خۆشویستنە ناوازەیەی خودا ئاشکرایکرد لەکاتی لەخاچدانی ڕۆڵەکەی عیسای مەسیح ! ! ئەوە خۆشویستنە خوداییە سەمەرەکەیە بۆ تۆیە خوێنەری ئازیز ئایا قبوڵی دەکەیت . . . ! ! قبوڵی بکە و لە فەوتان ڕزگاربە . قبوڵی بکە و خۆشی لە ژیانی جاویدانی وەرگرە . قبوڵی بکە و ئێستا پێش ئەوەی لەدەست بچێت . " جا چۆن دەتوانین ڕزگارمان بێت گەر ئەم ڕزگاربوونە مەزنە پشت گوێ بخەین ؟ " ( عیبرانیەکان ٢ : ٣ ) .

لەکۆتاییدا :

ئەگەر ئارەزووت کرد مەسیح قبوڵ بکەیت وەك قوربانییەکەی خودا بۆ کەفارەت ، کە خودا پێشکەشی کرد لە پێناوی تۆ لەسەر داری خاچەکە و دەتەوێ ژیانی جاویدانیت هەبێ . وە لە هەموو دڵتەوە حەزدەکەیت عیسای مەسیحی پەروەردگار لە ژیانتدا نیشتەجێ بێ ، لەگەڵ من ئەم نوێژە پێشنیارکراوە بکە :
ئەی عیسای پەروەردگار سوپاست دەکەم لە پێناوی مردنەکەت لەسەر داری خاچەکە تا لەگوناهەکانم خۆشبیت ، من دەزانم تۆ خۆشت دەوێم ، من دانی پێدا دەنێم کە مرۆڤێکی گوناهبارم ، من تۆبەی خۆم ئاشکرا دەکەم ، من ئێستا دەرگای دڵم دەکەمەوە و بانگهێشتت دەکەم تا بێیتە نێو ژیانمەوە ، تۆم قبوڵە وەك پەروردگار و ڕزگاریدەر بۆ ژیانی من ، سوپاست دەکەم کە تۆ بەدەم بانگهێشتەکەمەوە هاتی . . . ئامین ئایا ئەم نوێژە گوزارش لە ئارەزووی دڵت دەکات ؟ ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە ، وە دەتەوێت خۆشی و چێژ وەرگری لە کەفارەتمەندی مەسیح و لێخۆشبوونی گوناهەکانت ، ئێستا بە هەموو دڵی خۆت بیڵێرەوە و دڵنیابە کە مەسیح وەڵامی نوێژەکەت دەداتەوە و دێتە نێو دڵتەوە .

ئەگەر هەر پرسێکت هەبوو یان دەتەوێ خۆقسە لەگەڵ کەسێك بکەیت بتوانێت تێت بگات و هەموو پرسەکانت وەڵام بداتەوە

ئەگەر زانیاری زیاترت ویست یان تۆ لە هەر وولاتێك بوویت و وویستت نامەت بۆ بنێرین

تەنها نامەیەك بنووسە بە پۆستی ئەلیکترۆنی یان پەیوەندی تەلەفۆنیمان پێوە بکە تاکو بتوانین زیاتر یارمەتیت بدەین

ژیانی خۆشویستنی جیهانی - کوردستان

laii.org